کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
6-12-2007 20:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نارەزایی ئامادەییە پیشەییەکان ... رەوا نامق

لای هەمومان ئاشکرایە کەئەمساڵ تاوەکوئیستا ساڵی خۆپیشاندان ومانگرتنی خوێندکاران وقوتابیان بوو



بۆ داواکردنی مافەرەواکانی خۆیان. بەشێکیش ئەوخۆپێشاندەرانەخوێندکاروقوتابی ئامادییەپیشەیە کان بوون، دەکری بلێین ئامادەییە پیشەییەکان یەکێکن لەوفاکتەرەگرنگانەی کەدەتواندریکەرتی تایبەتی پی ببوژێندرێتەوە، ئەمەش بەگرنگی دان بەئامادەییەپیشەییەکان لەبوارەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی دەبێت. بەڵام ئێستا بەداخەوە ئەوەی دەبیندری ولەبەر چاوی هەموومانە پشتگوی خستنی ئەو توێژەکاریگەرەیە لەناوکۆمەڵگەکەماندا. لەهەموو وڵاتێکی پێشکەوتوداو لەهەموناوچەیەکی زەمینە لەبار بۆ ئەم بوارانەی سەرەوە حوکمەت هەمووتواناکانی خۆی دەخاتەگەر بۆ پێگەیاندنی کادیری شارەزاوچالاك بۆبوژاندنەوەی کەرتی تایبەت، کەلەمرۆدابۆتەبنیشتەخۆشەی سەرزامان. بەڵام لای خۆمان زۆر جیایە دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان لەماڵن ولەهیچ شوێنێك وەر ناگیرێن، بۆ زیاتر پشتگوی خستنشیان، وەر نەگیرانیا ن لەهیچ ناوەندێکی خوێند ندا وەك پەیمانگاو کۆلێژەکان ئەوا بەرزترین نمرە یان بۆدانراوە، لەگەڵئەوەی دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان بەسی ساڵ بەر لەدەرچوانی هەر ئامادییە کیتر ئەوا بەردەوام لەوەر گرتنی زانیاری دان لەبوارە کانی خۆیان، کەدەریش دەچن لەئامادەباشی تەواو دان بۆوەر گرتنیان لەپەیمانگاکان وکۆلێژەکان کەواتە دەبی ئەولەویەت بۆ دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان بێت. بۆیە داواکردن بۆ بونی ئامادەییە پیشەیەکان بە پەیمانگا وپێنج سا ڵ وە یان وەرگرتنیا ن لەکۆلێژ مافێکی رەوای خۆیانە. خاڵێکیتر هەیە کەپێویستە بوروژێند ری، کەئەمیش زۆر دووبارە بوونەوەی ووشەی (کەرتی تایبەتە) لەلایەن بەر پرسانی حکومی و ناحکومی دا. تاوەکو ئێستا لە هەر سی بواری کشتو کالی، پیشە سازی، بازرگانی وڵاتی ئێمە دا تەپیوە، کەواتە چۆن بەدەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان دەگوتری باهەڵی کار بۆخۆیان بدۆزنەوە لەکەرتی تایبەت لەبوارەکانی خۆیان، ئاواش دەبێت لە غیابی کەرتی تا یبەتدا ئاور لەو هەموودەر چووانەبدرێتەوە بە دامەزراندنیان. من دەپرسم کاتێك کە ئەو هەمو دەر چووە شوێن وهەڵی کار نەبوو بۆیان راستەدەرگایان بەسەرا دابخرێت؟ئەی لەوهەموبەتاڵە دا چی روودەدات ونائومێدی ئەو گەنجانە بەرەوچ ئەقارێك دەبات؟.

Rawa_kawane@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.